
# لينين

# دەربارەی مانگرتن



وەرگێڕانی/ سالار ڕەشید

# دەربارەی مانگرتن

لەم ساڵانەی دواییدا, مانگرتنە کرێکارییەکان, بە ڕادەیەکی یەکجار زۆر لە ڕوسیادا, ڕووئەدەن و چەند بارە ئەبنەوە. هیچ دامەزراوەیەکی پیشەسازی نەماوەتەوە کە, چەندین مانگرتنی تێدا, چێ نە بووبێ. هەروەها مانگرتن, لە شارە گەورەکاندا هەرگیز نەوەستاوە. هەر بۆیە, ئەوە ڕۆشنە کە, ئەرکی سۆسیالیستەکان و ئەو کرێکارانەی خودان هوشیاری چینایەتین ئەوەیە, بایەخ بە مانگرتنەکان و شێوازی ڕابەری و ڕێنوێنییان بدەن, ئەرکی ئەو سۆسیالیستانەی کە پشکداری ئەو مانگرتنانە ئەکەن, دەستنیشان و دیاری بکرێت.

ئێمە ئەمانەوێ, هێڵی گشتی بەشێك لە بیروباوەڕەکانمان سەبارەت بەم مەسەلانە, دیاری بکەین و لە وتاری یەکەم واتە, ئەم وتارە, باسی گرنگیی مانگرتن بۆ بزووتنەوەی چینی کرێکار, بە شێوەیەکی گشتی, ئەکەین. لە وتاری دووەمیشدا, ئەچینە سەر باسی, ڕیگاکانی ڕێنوێنیکردن و ڕابەریکردنی مانگرتنەکانی ڕوسیا و هەڵوێستێك کە دەبێت کرێکارانی وشیار لە بەرامبەر ئەو مانگرتنانە بیگرنەبەر.

*

بە پلەی یەکەم, پێویستە بە دوای لێکدانەوەیەك, بۆ هەڵگێرسان و تەشەنەکردنی مانگرتنەکان, بگەڕێن. هەر کەسێك, مانگرتنەکان, چ لە

ئەزمونە کەسێتییەکانی خۆیەوە بێت، چ لە گێڕانەوەی کەسانی دیکەوە بێت، چ لە ڕۆژنامەکانەوە بێت، بهێنێتەوە بیری خۆی، یەکسەر سەرنجی دەچێتە سەر ئەوەی کە، هەر کاتێك کارخانەی گەورە بنیات نرا و ژمارەیان زیادی کرد، مانگرتنەکانیش سەرهەڵئەدەن و پەرە ئەستێنن. بە دەگمەن ئەبینین، کارخانەیەك لە نێو کارخانە گەورکاندا، کە خودان سەدەها (و بگرە هەندێك جار، هەزارەها) کرێکارە، چەندین مانگرتنی تێدا نەبووبێ. دەورانێك کە ژمارەی کارخانە گەورەکان لە ڕوسیادا کەم بوون، ژمارەی مانگرتنەکانیش کەم بوون. بەڵام کاتێك کە، ژمارەی کارخانە گەورەکان، چ لە گەڕەکە کۆنە پیشەسازییەکان و چ لە شار و گوندە تازەکاندا، ڕوویان لە زیادبوون کرد، ژمارەی مانگرتنەکانیش زیادیان کرد.

کەواتە، لە سۆنگەی چییەوەیە، بەرهەمهێنان، لەسەر ئاستی کارخانە گەورەکان_ هەمیشە _ ئەبێتە هۆی سەرهەڵدانی مانگرتنەکان؟ لەبەر ئەوەی کە، سەرمایەداری بە ناچار، ئەبێتە هۆی، خوڵقاندنی ململانێی نێوان کرێکاران و خاوەنکاران، کاتێکیش کە بەرهەمهێنان لە ئاستێکی فراواندا بوو، ئەوا ئەو ململانێیە بە ناچار، شێوازی مانگرتن لە خۆ دەگرێ. با ئەمە، شی بکەینەوە.

سەرمایەداری، ناوی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەیە، کە تیایدا، زەوی، کارخانەکان، هۆیەکانی بەرهەمهێنان و ... هتد، مڵکی ژمارەیەکی کەمی مڵکداران و سەرمایەداران بن، لە حاڵێکدا کە، جەماوەری خەڵك، خاوەنی هیچ شتێك نین، یان خاوەنی شتێکی یەکجار کەمن و بە ناچاریی، وەك کرێکار، خۆیان بە کرێ ئەدەن.

خاوەنی زەوی و کارخانەکان، کرێکاران بە کرێ ئەگرن و بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا، لەم چەشنە یان لەو چەشنە، ئەیان خەنە گەڕ، بەو ئومێدەی دواتر،



ئەم کاڵایانە لە بازاڕ بفرۆشن. سەرباری ئەوانە، کرێیەك کە خاوەندی کارخانەکان بە کرێکارانی ئەدەن، تەنها بەشی زیندەگییەکی مەمرە و مەژی خۆیان و خێزانەکانیان ئەکات، کەچی لەو لاوە، هەرچی زیادەیەك، کە کرێکار لە سەرووی ئەم بڕەی وەری دەگرێ، بەرهەمی دەهێنێ، بە شێوەی سوود، دەڕژێتە گیرفانی کارخانەدارەوە. بەم پێیە، لە سایەی نەزمی سەرمایەداریدا، جەماوەری خەڵك، کرێکارانی کرێگرتەی کەسانی ترن، ئەوان کار بۆ خودی خۆیان ناکەن، بەڵکە لە بەرامبەر کرێیەکدا، کار بۆ خاوەنکار ئەکەن. بێگومان ئەوە بەڵگەی گەرەك نییە کە، خاوەنکار هەمیشە لە هەوڵی کەمکردنەوەی کرێدان، هەرچی چەندێکیش کرێی کرێکاران کەمتر بکەنەوە، ئەوەندەش سوودی خۆیان زیاتر ئەبێت. کرێکاران تەقەلا ئەکەن کە، تا ئەوەندەی لە توانادایە، زۆرترین کرێ بە دەست بهێنن، تاوەکوو بتوانن بۆ خێزانەکانیان، خۆراکی کافی و تەندروست فەراهەم بکەن، لە خانووی باشدا، زیندەگی بکەن، هەروەکوو خەڵکانی تر، نەك وەك گەداکان، جلوبەرگ بپۆشن. بەو جۆرە، ململانێی نێوان کرێکاران و خاوەنکار بەردەوام، لە ئارادایە و درێژەی هەیە. خاوەنکار ئازادە کە، کام کرێکارە بە لای خۆیەوە گونجاوترە، ئەوەیان بە کرێ بگرێ، بەم پێیەش، بە دووی هەرزانترین کرێکاردا ئەگەڕێت. کرێکاریش لە هەڵبژاردنی خاوەنکارەکەیدا ئازادە، بەم پێیە ئەمیش، بە دووی گرانترین خاوەنکاردا ئەگەڕێت، یانی کەسێك کە زۆرترین کرێ ئەدات. کرێکارێك کە، لە شار کار ئەکات، یان لە لادێ، خۆی بە مڵکدارێك، یان دەوڵەمەندێکی گوند، یان کۆنتەراتچییەك، یان خاوەنی کارخانەیەك، بە کرێ ئەدات، هەمیشە ئەکەوێتە بەرامبەر خاوەنکارێك و لەسەر حەقدەست، لەگەڵیدا، لە کێشەدایە. بەڵام ئایا، کرێکارێك بە تەنها خۆی، دەکارێت لە بەرامبەر خاوەنکاردا، خەبات بکات؟

ژمارەی کرێکاران لە زیادبووندایە: جوتیاران لە حاڵی نابووتیدان و بەرەو شار و کارخانەکان هەڵدێن. مڵکداران و خاوەنی کارخانەکان,لە حاڵی هێنان و بەکاربردنی ئامرازی تازەدان کە, کرێکاران لە کارەکانیان بێ بەش ئەکات. ژمارەی کرێکارانی بێکار لە شارەکاندا و ژمارەی دەرۆزەکەران لە لادێکاندا ڕوو لە زیادبوون دەکەن. ئیتر بۆ هەر کرێکارێك, ناکرێت کە بە تەنها لە دژی خاوەنکار خەبات بکات. ئەگەر هاتوو کرێکار داوای کرێیەکی باشتری کرد, یان لە دژی کەمکردنەوەی کرێ, ناڕازی بوو, ئەوا خاوەنکار پێی دەڵێت: بۆ دەرەوە! ئەوەش بگوترێت کە, ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی برسی, بەر دەرکی کارخانەیان گرتووە و بە خۆشحاڵییەوە بە کرێیەکی کەم, ئامادەی کارکردنن.

لە کاتێکدا کە باری خەڵکی بە ڕادەیەك نابووت ئەبێ, بەردەوام ژمارەیەکی بێشوماری بێکاران لە شار و لادێکان لە ئارادایە, کەچی خاوەنی کارخانەکان, سەروەتێکی زۆر پێکەوە ئەنێن و خوردەمڵکداران لە لایەن گەورەمڵکدارانی ملیۆنێرەوە وەدەر ئەنرێن, ئەو دەمە سەرمایەدار, ئەو توانایەی دەبێت کە, کرێکار بە تەواوی بهاڕێت و وا دەکات کە, نەك هەر خۆی, بەڵکوو ژن و منداڵەکانیشی, هەتا ڕاست مردن, کاری کۆیلەداری, بکێشن. بۆ نموونە, ئەگەر چاوێك بەو کارگایانەی کە کرێکاران تیایدا, پشتیوانیی یاساییان هێشتا بۆ خۆیان, وەگیر نەخستووە, بگێڕین, کە کرێکاران لە توانایاندا نییە, لە بەرامبەر سەرمایەداران, بەرهەڵستییەك لە خۆیان نیشان بدەن, ئەبینین کە, ماوەی کاری ڕۆژانە لە ڕادەبەدەرە و هەندێك جار خۆی لە 17_ 19 کاتژمێر ئەدات, هەروەها, مناڵانێکی پێنج شەش ساڵان ئەبینین کە, گوشاری کارەکەیان, لە توانستیان زۆرترە و بەردەوام, یەك وەچەی تەواو لە کرێکارانی برسی ئەبینین کە, بە شێنەیی



مەرگ بە کێشیان ئەکات. بۆ نموونە: ئەو کرێکارانەی کە لە ماڵەکانی خۆیاندا, کار بۆ سەرمایەداران, ئەکەن. بێجگە لەمە, هەر کرێکارێکیش ئەتوانێت, چەندین نموونەی تر, وە بیر خۆی بهێنێتەوە! تەنانەت لە دەورانی سیستەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتیشدا, چەوسانەوەی ڕەنجدەران هیچ دەمێك, بەو ئەندازە ترسناکە نەگەیشتووە, وەك ئەوەی کرێکاران, لە سیستەمی سەرمایەداریدا, دووچاری بوونە_ لەو حاڵەتەی کە, توانای ناڕەزایەتی دەربڕینیان نییە و لە هیچ پشتیوانییەکی یاساییش بەهرەمەند نین کە, کردەوەی ئارەزوومەندای خاوەنکار, سنووردار ئەکات.

بەم پێیە, کرێکاران, بۆ بەرگیری لەو بەرئەنجامە پیسەی کە چاوەڕێیان ئەکات, ململانێیەکی بێئومێدانە ئەگرنەبەر. بەڵام کاتێك ئەبینن کە هەر یەکێك لەوان بە تەنها, لە بەرامبەر سەرمایەداری هیچی پێ ناکرێ و ستەمی سەرمایەداریی هەڕەشەی نەمانی لێ ئەکات[1], ئەوجا, پێکەوە بە کۆمەڵ, دەست بە سەرکێشی ئەکەن. ئەو دەمە, مانگرتنە کرێکارییەکان, دەست پێ دەکات. لە سەرەتادا بە زۆری, کرێکاران نازانن ڕێك, چییان گەرەکە, چونکە بە ئامانجی خودی ئەو کارەی کە, دەستیان پێی داوە, بە ئاگا نین. ئەوان تەنها, ئامرازەکان وردوخاش ئەکەن و کارگاکان تێکوپێك ئەدەن. ئەیانەوێت تەنها, ڕق و بێزاری خۆیان لە بەرامبەر خاوەن کارخانەدا, پیشان بدەن و هێزی یەکگرتووی خۆیان تاقی بکەنەوە, بەشکوو بتوانن لەو بارە نالەبارەی کە خۆی لەبەر ناگیرێ, قوتار بکەن, ئەمە بە بێ

[1] لە دەقە عەرەبییەکەدا ئەڵێ: ستەمی سەرمایەداریی, هەڕەشەی زیندانی لێ ئەکات. (وەرگێڕی کوردی).

ئەوەی دەرکی ئەوە بکەن کە, لەبەرچییە کەوتوونەتە بارێکەوە, توانای دەربڕدنی تیادا نییە و دەبێت, بۆ چ ئامانجێك بخەبتن.

لە تەواوی وڵاتانی دنیادا, تووڕەیی و ناڕەزایەتی کرێکاران لە سەرەتادا, شێوەی هەڵچوونی پەرشوبڵاو بە خۆیانەوە ئەگرن و پۆلیس و کارخانەداران لە ڕوسیادا, ناوی "یاخیبوون" لەم هەڵچوونانە ئەنێن. لە تەواوی وڵاتاندا, ئەم هەڵچوونە دابڕاوانە, لە لایەك بە مانگرتنی تا ڕادەیەك ئاشتییانە و لە لایەکی دی, بە تێکۆشانی هەمە لایەنەی چینی کرێکار بۆ ئازادی خۆی, ئەگات.

مانگرتنەکان (یان ڕاگرتنی کار), چ بایەخێکیان بۆ خەباتی چینی کرێکار هەیە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە, دەبێت سەرەتا, تێڕوانینێکی کامڵترمان دەربارەی مانگرتن هەبێت. کرێی کرێکار, هەروەکوو بینیمان, بە پێی ڕێکەوتنێکی نێوان کرێکار و خاوەنکارەوە, دیاری ئەکرێت. ئەگەر کرێکاری بە تاك کەوتە, لەو هەلومەرجەی کە لێی دوواین, هیچ توانستێکی نەبێت, ئیتر ئەوە ڕۆشنە کە, کرێکاران ئەبێت, لە پێناوی خوستەکانیان دەستە جەمعی خەبات بکەن. بەوجۆرە کرێکاران بە ناچاریی, بۆ بەرگیری لە خاوەنکار کە, کرێکانیان نەهێنێتە خوارەوە, یان بۆ بەدەستهێنانی کرێیەکی زیاتر, ئەبێ مانگرتن ساز بکەن. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە, مانگرتنە کرێکارییەکان لە گشت وڵاتێکی سەرمایەدری,لە ئارادان. لە هەموو شوێنێك, لە سەرجەم وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکایی, هەر کاتێك کە کرێکاران پەرش و بڵاوون, یەکگرتوونین, هەست بە زەبوونی تەواوەتی خۆیان ئەکەن و تەنها ئەو دەمە لە توانایاندایە لە بەرامبەر خاوەنکاردا بەرگری بکەن کە, دەستە جەمعی بێنە مەیدان, ئەویش بە مانگرتن, یان بە هەڕەشەی



مانگرتن. لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری و کردنەوەی هەرچی زۆرتری کارخانەی گەورە و دەرپەڕاندنی هەرچی زۆرتری سەرمایەدارانی چکۆلە, لە مەیدانی کێبەرکێ, لە لایەن سەرمایەدارانی گەورەوە, پێویستی بەرهەڵستی بە کۆمەڵی کرێکاران, زۆرتر و زۆرتر ئەبێت, چونکە بێکاری زۆر ئەبێ و کێبەرکێی سەرمایەداران کە, هەریەکەیان هەوڵ ئەدات, کاڵاکانی خۆی, بە نزمترین مەسرەف, بێنێتە بەرهەم, تیژتر ئەبێتەوە (ئەمەش کاتێك دێتە دی کە, هەرچی زیاتر کرێی کرێکاران کەم بکەنەوە) و تەکانە[1] پیشەسازییەکان هەستیارتر و قەیرانەکان توندتر ئەبنەوە. کاتێك کە پیشەسازی ئەگەشێتەوە, خاوەن کارخانەکان سوودێکی بێشومار بە دەست ئەهێنن, بەڵام بە هیچ جۆرێك, ئەوە بە خەیاڵیاندا نایات کە, ئەو سوودە لەگەڵ کرێکاراندا بەش بکەن, کاتێکیش قەیران دێتە پێشەوە, ئەیانەوێت زەرەرەکانیان بەسەر کرێکاراندا, ساغ بکەنەوە. پێویستی[2] مانگرتنەکان لە کۆمەڵگا ئەورووپییەکاندا بە جۆرێك دەرکەوتووە کە, یاساکانی ئەم وڵاتانە, سازدانی مانگرتن, قەدەغە ناکەن. ئەوە تەنها لە ڕوسیادایە کە هێشتا, یاساگەلێکی دڕندانە لە بەرانبەر مانگرتن بە کار دەبرێت (لە بۆنەیەکی دیکەدا, باسی ئەو یاسایانە و چۆنیەتی بە کارهێنانیان ئەکەین).

بە هەر حاڵ, ئەو مانگرتنانەی کە لە سرووشتی کۆمەڵگای سەرمایەدارییەوە سەرچاوە ئەگرن, بەڵگەی دەسپێکردنی تێکۆشانی چینی کرێکارە لە هەمبەر ئەم سیستەمە لە کۆمەڵگادا. کاتێك سەرمایەداران ڕووبەڕووی کرێکارانی

[1] لە دەقە عەرەبییەکەدا, دەستەواژەی: گۆڕان, وەرگەڕان, تقلب, بە کار هاتووە, کە پێچەوانەی جێگیری و بەردەوامییە لە پیشەسازیدا. (و. کوردی).

[2] یان گرنگی. (و کوردی).

تاك و نەبوو ئەبنەوە، یانی كۆیلایەتی ڕەهای كرێكاران. بەڵام كاتێك ئەم كرێكارە نەبووانە یەك ئەگرن، ئیتر بارەكە گۆڕانی بەسەردا دێت. هیچ سەروەتێك دادی سەرمایەداران نادات، ئەگەر بێت و كرێكارانێك پەیدا نەكەن، كە ئامادە بن هێزی كاریان لە بەگەڕخستنی ئەو ئامراز و ماتریالانە بخەنە كار كە، ملّكی سەرمایەدارانن و سەروەتی تازە بەرهەم بێنن. تا ئەو دەمەی كە كارگەران بە تاك تاك لەگەڵ سەرمایەداران مامەڵە بكەن، هەروەكوو كۆیلەیەكی تەواوەتی دەمێننەوە، كە مەجبوورن بۆ وەگێرخستنی لەتە نانێك، بەردەوام بۆ كەسانی دی، سوود بەدەست بهێنن، كە ئەبێت هەتاهەتایە، ملكەچ و بەستەزبان بن. بەڵام كاتێك كرێكاران بە یەكەوە، خواستەكانی خۆیان ئەخەنە ڕوو و ڕازی نەبوون بە ملكەچیی، كۆیلایەتییان بەسەر ئەچێ و ئەبنە مرۆڤ، دەست ئەكەن بە بەرزكردنەوەی ئەو خواستەی كە، نابێت ڕەنجی ئەوان تەنها، بۆ زەنگینكردنی مشتێك لە تەمەڵ و تەوەزەلان بێت، بەڵكوو ئەبێ، ئەوانەیش كە ڕەنج ئەدەن، بتوانن وەكوو مرۆڤگەلی واقیعی زیندەگی بكەن. كرێكاران دەس بە پێشكەشكردنی داخوازیگەلێك ئەكەن، وەك ئەوەی خۆیان گەورەی خۆیانن. خواستی ئەوەی، بەو جۆرە كار ناكەن و ناژین كە سەرمایەداران و ملّكداران گەرەكیانە، بەڵكوو بەوجۆرەی كە كرێكاران خۆیان گەرەكیانە، كار ئەكەن و ئەژین. لەبەر ئەوە، مانگرتن هەمیشە ترس ئەخاتە دڵی سەرمایەدارانەوە، چونكە مانگرتن كۆشكی بالاكردنیان ئەرمێنێ. سروودێكی كرێكاریی ئەڵمانی لە مەڕ چینی كرێكارەوە، ئاوەها دەبێژێت: "تەواوی چەرخەكان لە سوڕانەوە دەوەستن، ئەگەر بازووە بەهێزەكانی ئێوە ئیرادە بكەن". واقیعەتیش بەم جۆرەیە: كارگاكان، زەویوزاری ملّكداران، ئامرازەكان، هێڵەكانی ڕێگای ئاسن ... هتد، وەكوو چەرخگەلێكن لە دەزگایەكی زەبەلاحدا، كە بەرهەمی جۆراوجۆر



دەرئەهێنێ، لە قوتوویان ئەنێ، بە شوێنی مەبەستیان ئەگەیەنێ. تێكڕای ئەم دەزگایانە لە لایەن كرێكارەوە هەڵدەسوڕێن. كرێكارێك كە زەوی دەكێڵێ، بەردی كانەكان دەرئەهێنێ، كاڵا لە كارخانەكان بەرهەم ئەهێنێ، خانوو و كارگا دروست ئەكات، هێڵی ئاسن ڕائەكێشێ،

وەختێك كرێكاران دەست لە كار دەكێشنەوە، تەواوی دەزگاكان ئەكەونە بەرامبەر هەڕەشەی وەستانەوە. هەر مانگرتنێك ئەوە دێنێتە بیری سەرمایەدار كە، سەرداری واقیعی كرێكارانن، نەك سەرمایەداران، كرێكارانێك كە، هەرچی زیاتر بە دەنگی بلّند، داواكانیان ڕائەگەیەنن. هەر مانگرتنێك ئەوە دێنێتە بیری كرێكاران كە، ڕەوشی ئەوان نائومێدانە نییە و ئەوان تەنها نین. بڕوانن! مانگرتنەكان چ كاریگەرییەكی گەورەیان لەسەر خودی مانگرتووان و پاشان كرێكارانی كارخانەكانی دەر و دراوسێ، یان كرێكارانی بەشەكانی تری هەمان پیشەسازی، داناوە. كرێكار لە كاتی ئاشتی و ئاساییدا، بە بێ پرتەوبۆڵە كاری خۆی ئەكات، لەگەڵ خاوەنكار بێنەو بەردە ناكات و سەبارەت بە حاڵ و ئەحواڵی خۆیشی باسێك ناكات. بەڵام لە كاتی مانگرتندا، داواكانی بە دەنگێكی بەرز ڕادەگەیەنێت و تەواوی خراپەكارییەكان، بە بیری خاوەنكار ئەهێنێتەوە و داوای مافەكانی خۆی ئەكات، ئەو تەنها بیر لە خۆیی و كرێكەی خۆی ناكاتەوە، بەڵكوو بیر لە گشت هاوڕێكانی ئەكاتەوە كە، لەگەڵ وی، كاریان بەجێهێڵاوە و بە بێ ترس لە هەر مەحرومبوونێك، لە پێناوی ئامانجی كرێكاران ڕاوەستاوانە، داكۆكی ئەكەن. _سەرباری ئەمە_ هەر مانگرتنێك بۆ كرێكار یانی، جۆرەها مەحروومبوون، مەحروومبوونێكی وا ترسناك، مەگەر تەنها بە بەدبەختییەكانی سەردەمی جەنگ بشێ بەراوورد بكرێ: خێزانەكان بە هۆی لەدەستدانی كرێكانیانەوە تووشی برسێتی دێن، زۆر جاریش، كرێكاران

زیندانی ئەکرێن, یان لەو شارەی کە ماڵ و شوێنی کاری ئەوانی تێدایە, دوور ئەخرێنەوە. سەرەڕای ئەم هەموو تاڵییە, کرێکاران بە چاوی سووک دەڕواننە ئەوانەی کە خۆیان لە ڕیزی هاوڕێکانیان جودا ئەکەنەوە, تا لەگەڵ خاوەنکاردا پێکەوە, بەندوبەستی خۆیان بکەن. سەرباری ئەم هەموو ئەزیەت و ئازارەی کە هاوپێچی مانگرتنە, کرێکارانی کارخانەکانی دراوسێ, کاتێك دەڕواننە هاوڕێکانیان کە دەرگیری چ تێکۆشانێك بوونە, جوامێری نوێ ئەیان گرێت. " کەسانێك بۆ شکاندنی پشتی یەك بۆرژوازییەك, بەرگەی ئەو هەموو ئێش و ئازارە بگرن, دەشتوانن تەواوی هێزی بۆرژوازیش بشکێنن" ئەمە پەیڤی یەکێك لە مامۆستایانی گەورەی سۆسیالیزم, ئەنگلس, سەبارەت بە مانگرتنەکانی کرێکارانی ئینگلیزە.

زۆر جار هەر ئەوەندە بەسە کە کارخانەیەك دەست بە مانگرتن بکات, تا بە خێرایی, ژمارەیەکی زۆری کارخانەکان, دەس بە مانگرتن بکەن.

مانگرتن چ کاریگەرییەکی مەزن لەسەر ورەی کرێکاران بە جێ دێڵێ, لە کاتێکدا کە دەڕوانن هاوڕێکانیان, ئیتر کۆیلە نین و ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بووە, لە تەك دارا و دەوڵەمەندان, بەرابەرن. هەر مانگرتنێك, بیروباوەڕی سۆسیالیستی, بە هێزێکی زۆرەوە, ئەخاتە مێشکی کرێکارەوە, بیروباوەڕی تێکۆشانی سەرجەم چینی کرێکار, بۆ ڕزگاربوون لە جەوری سەرمایە. زۆر جار بووە کە, کرێکارانی کارخانەیەك, یان بەشێکی پیشەسازی, یان شارێك, پێش ڕوودانی مانگرتنێك, هیچ شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی سۆسیالیزم نەزانیوە و تەنانەت بە دەگمەنیش بیریان لێی کردۆتەوە, بەڵام لە دوای مانگرتن, ئەڵقەکانی خوێندنەوە و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان لە نێو کرێکاران, بە خێرایی تەشەنەیان کردووە و ژمارەی کرێکارانی سۆسیالیست پەرەیان سەندووە.



مانگرتن, کرێکاران فێری ئەوە ئەکات کە, هێزی خاوەنکار و هێزی کرێکار لە کوێدایە, فێریان ئەکات کە, تەنها بیر لە خاوەنکارەکەی خۆی و ئەو کرێکارانەی لەگەڵ ئەودا کار ئەکەن, نەکاتەوە, بەڵکوو تەواوی خاوەنکارەکان و تەواوی چینی سەرمایەدار, هەروەها تەواوی چینی کرێکار لەبەرچاو بگرێ. کاتێك کە, کارخانەدارێك ملیۆنەهای لە بەری ڕەنجی چەندین نەوە لە کرێکاران خستۆتە سەر یەك, کەچی ئامادە نییە, شتێکی کەم بخاتە سەر کرێکانیان, بەڵکوو هەوڵ ئەدات لەوەی کە هەشە, کەمتری بکاتەوە, ئەگەر هاتوو کرێکاران ناڕەزایەتییەکیان لە خۆیان پیشان دا, هەزاران خێزان فڕێ ئەداتە سەر ڕێگا, کە هەزاران خێزانی برسی تێدایە, ئەو دەمە بۆ کرێکاران ڕۆشن ئەبێتەوە کە, چینی سەرمایەدار سەراسەر, دوژمنی خوێنەخۆی چینی کرێکارە سەراسەر و کرێکاران دەتوانن تەنها بە خۆیان و بە خەباتی یەکگرتوویان پشت ببەستن.

زۆر جار وا ئەبێت کە, کارخانەداران هەموو هەوڵێکی خۆیان ئەخەنە گەڕ, تاوەکوو خۆیان وەکوو خێرخوایەك پیشان بدەن و کرێکاران فریو بدەن, چەوسانەوەی خۆیان بە وادە و بەڵێنی درۆیینە و وردە بەرتیلێك, بشارنەوە. لێرەدا هەمیشە مانگرتن, ئەوە بۆ کرێکاران ئاشکرا ئەکات کە, ئەو "خێرخوایە" گورگە و لە پێستی مەڕدایە, ئەوجا ئەو فریوکارییانە بە یەك زەبر تێك ئەشکێنێ.

هەروەها, مانگرتن چاوی کرێکاران تەنها لەسەر ماهییەتی سەرمایەداران ناکاتەوە, بەڵکوو چاویان لەسەر ماهییەتی دەوڵەت و ئەو یاسایانەش کە بە پێی ئەوانە حوکمیان بەسەردا ئەدەن, ئەکاتەوە. بە هەمان ئەو شێوەیەی کە چۆن کارخانەداران هەوڵ ئەدەن خۆیان وەك خێرخوایەك پیشان بدەن, فەرمانبەرانی دەوڵەتی و نۆکەرانیشیان هەوڵ ئەدەن, کرێکاران وا دڵنیا کەن

كه, تزار و حكومه‌تی تزاری, به یه‌ك چاو ئه‌ڕواننه خاوه‌ن كارخانه‌كان و كرێكاران, هه‌روه‌كوو باوكێكی به به‌زه‌یی كه له‌سه‌ر به‌رژه‌وه‌ندی هه‌موو لایه‌ك سووره و دادوه‌ری له نێوانیاندا جێبه‌جێ ئه‌كات, كرێكارانیش كه شاره‌زای یاسا نین و په‌یوه‌ندییه‌كیان به فه‌رمانبه‌رانی حكومه‌ته‌وه, به تایبه‌ت ئه‌و فه‌رمانبه‌رانه‌ی كه پۆستی بالایان هه‌یه, نییه, بڕوا به زۆرێك له‌و قسانه ئه‌كه‌ن. دواتر مانگرتن ڕوو ئه‌دات, دادوه‌ری گشتی, پشكنیاری ئاسایشی كارگا, پیاوانی پۆلیس و زۆر جاریش, هێزی سوپایی, له به‌رده‌م ده‌ركی كارخانه‌دا په‌یدا ئه‌بن. له‌و كاته‌دا كرێكاران تێ ئه‌گه‌ن كه یاساشكێنییان كردووه: یاسا ڕێگا به خاوه‌نكاران ئه‌دات كه, له ده‌وری یه‌كدی كۆوه بن و له‌سه‌ر چۆنیه‌تی كه‌مكردنه‌وه‌ی كرێی كرێكاران به ئاشكرا, قسه و باسی خۆیان بكه‌ن, به‌لام كرێكاران, ئه‌گه‌ر كۆبوونه‌وه و له سه‌ر شتێكی هاوبه‌ش, به ڕێكه‌وتنێك گه‌ییشتن, ئه‌وا به تاوانبار ده‌ژمێردرێن! كرێكاران ده‌رئه‌كرێن و پۆلیس, ئه‌و دوكانانه دائه‌خات كه, كرێكاران خۆراكی خۆیانی لێ به قه‌رز ئه‌كرن, هه‌وڵ ئه‌ده‌ن كه سه‌ربازان هاركه‌نه گیان كرێكاران, ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر, ڕه‌فتاری كرێكاران به‌ته‌واوی هێمن و لاشه‌ڕانه‌ش بێت. ته‌نانه‌ت زۆر جار فه‌رمان به سه‌ربازان ئه‌درێت, كه كرێكاران گولله‌باران بكه‌ن و له هه‌مان ئه‌و كاته‌ی كه, فیشه‌ك ئه‌نێن به پشتی كرێكارانێكی بێ چه‌ك كه, له حاڵی هه‌لاتندان, خودی تزار قه‌درزانی خۆی, بۆ هێزه سه‌ربازییه‌كان, ڕه‌وانه ئه‌كات (به‌م شێوه‌یه تزار, سوپاسی ئه‌و هێزه سه‌ربازییه‌ی كرد كه, كرێكارانیان له مانگرتنی یاروسلاڤل, له ساڵی 1895دا, كوشت). ئیتر ورده‌ورده بۆ هه‌ر كرێكارێك ئه‌وه ڕۆشن ئه‌بێته‌وه كه, ده‌وڵه‌تی تزاری, سه‌رسه‌خترین دوژمنی ئه‌وه, چونكه له‌و كاته‌یدا كه, داكۆكی له سه‌رمایه‌داران ئه‌كات, ده‌ست و پێی كرێكاران ئه‌به‌ستێته‌وه. ئیتر كرێكاران



تێئه‌گه‌ن, كه یاسا به ته‌نها, له به‌رژه‌وه‌ندی سه‌رمایه‌داراندا, دانراوه, ئه‌ركی فه‌رمانبه‌رانی ده‌وڵه‌تیش, پارێزگاریكردنی ئه‌و به‌رژه‌وه‌ندییانه‌یه. به‌لام ئه‌و یاسایانه, ده‌می جه‌ماوه‌ری كرێكار ئه‌به‌ستێته‌وه و ڕێگه‌یان پێ نادات كه, پێویستییه‌كان و خواسته‌كانیان ڕابگه‌یه‌نن, چینی كرێكار ئه‌بێ, خۆی بۆخۆی, مافی مانگرتن, مافی چاپ و ڕۆژنامه‌ی كرێكاری, مافی به‌شداریكردن له كۆمه‌ڵه‌ی نیشتمانی, كه یاسا ده‌رئه‌كات و چاودێری جێبه‌جێكردنی ئه‌كات, به‌ده‌ست بهێنێ. ده‌وڵه‌ت خۆشی به باشیی ئه‌زانێت كه, مانگرتن چاوی كرێكاران ئه‌كاته‌وه, هه‌ربۆیه له مانگرتن ئه‌ترسێ و بۆ ڕاگرتنی له زووترین كاتدا, هه‌موو ڕێیه‌ك ئه‌گرێته به‌ر. بێ مه‌لامه‌ت نییه كه, یه‌كێك له وه‌زیره‌كانی ناوخۆی ئه‌ڵمان كه, له تاقیبكردنی سۆسیالیسته‌كان و كرێكارانی هوشیاردا, ناوبانگی خراپی هه‌بووه, له به‌رامبه‌ر نوێنه‌رانی ده‌وڵه‌تدا, ڕای گه‌یاندووه: "له پشت هه‌ر مانگرتنێكه‌وه, ئه‌ژدیهای شۆڕش نوستووه". به‌ڕاستی, مانگرتن ئه‌و بڕوایه له لای كرێكاران به‌هێز و كامڵ ئه‌كات كه, ده‌وڵه‌ت دوژمنی خوێنخواری ئه‌وانه و كرێكاران ئه‌بێت, خۆیان بۆ تێكۆشان له دژی ده‌وڵه‌ت, له پێناوی مافه‌كانی خه‌ڵك, ئاماده بكه‌ن.

به‌م پێیه مانگرتن, كرێكاران فێری یه‌كگرتن ئه‌كات, فێریان ئه‌كات كه, ئه‌وان ته‌نها ئه‌و كاته پێیان ئه‌كرێ له به‌رامبه‌ر سه‌رمایه‌داران خه‌بات بكه‌ن كه, یه‌كگرتوو بن. مانگرتن ئه‌وه فێری كرێكاران ئه‌كات كه, تێكۆشانی سه‌رجه‌م چینی كرێكار, له دژی سه‌رجه‌م چینی خاوه‌ن كارخانه‌كان و حكومه‌تی پۆلیسی سه‌ركوتگه‌ر, له‌به‌رچاو بگرن. هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یه سۆسیالیسته‌كان, مانگرتن به "قوتابخانه‌ی جه‌نگ" ناو ئه‌به‌ن. قوتابخانه‌یه‌ك كه تیایدا كرێكاران فێری ئه‌وه ئه‌بن كه, چۆن له دژی

دوژمنانی خۆیان, بۆ ڕزگاری تێکڕای خەڵك, بۆ ڕزگاری تێکڕای ئەوانەی کە لە ژێر جەوری کاربەدەستانی دەوڵەت و سەرمایەدا زەحمەت ئەکێشن, بجەنگن.

بەڵام "قوتابخانەی جەنگ", خودی جەنگ نییە. کاتێك کە, شەپۆلی مانگرتن لە نێو کرێکاراندا بڵاو ئەبێتەوە, ئەو بڕوایە لای هەندێك لە کرێکاران دروست ئەبێ (لە نێویانیشدا, هەندێك لە سۆسیالیستەکان) کە, چینی کرێکار ئەتوانێ, خۆی تەنها لە چوارچێوەی, مانگرتن, سنوقی مانگرتن, ئەنجومەنی مانگرتندا, بهێڵێتەوە, کە پێیان وایە, چینی کرێکار لە ڕێگەی مانگرتنەوە بە تەنها, ئەتوانێ باری ژیانی بە شێوەیەکی بەرچاو بگۆڕێ و تەنانەت ئەڵێن, ڕزگاری تەواوی چینی کرێکار لە جەوری سەرمایەداران و دەوڵەت بە هۆی مانگرتنەوە, بە جێ ئەگات. کاتێك کرێکاران ئەبینن کە, چ هێزێك لە ناخی مانگرتنی چینی کرێکاری یەکگرتوودا هەیە, تەنانەت ئەگەر بچوکیش بێت, هەندێکیان بەو بڕوایە ئەگەن کە, تەنها ئەوەندە بەسە, چینی کرێکار یەك مانگرتنی گشتی لە سەرتاسەری وڵات بە ڕێ بخات, تاوەکوو هەرچییەکیان لە سەرمایەداران و دەوڵەت گەرەکە, پێی بگەن. ئەم باوەڕە لە وڵاتانی دیکەش لە سەردەمێك کە, بزاڤی چینی کرێکار لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدا بووە و کرێکاران هێشتا, گەلێك بێ ئەزموون بوونە, سەری هەڵداوە. ئەم باوەڕە, بە تەواوی هەڵەیە. مانگرتن یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە کرێکاران لە خەباتیاندا, بۆ ڕزگاری خۆیان ئەی گرنە بەر, بەڵام تەنها ڕێگایەك نییە, ئەگەر بێتوو کرێکاران چاو لە ڕێگای تر نەبڕن, ئەوا تەگەرە ئەخەنە بەردەم گەشە و سەرکەوتنەکانی چینی کرێکار. ئەوە دروستە کە, ئەگەر کرێکاران گەرەکیان بێت, مانگرتنەکانیان سەرکەوتوو بێت, ئەبێ سنوقی مانگرتنیان بۆ بیمە و



خەرجیی کرێکاران, بە درێژایی مانگرتنەکە هەبێت, ئەم سنوقانە (ئەم سنوقانە هەروەکوو باوە, لە بەشە لێك جیاکانی پیشەسازییەك, یان لە پیشە لێك جیاکان, یان لە کارخانە لێك جیاکان, لە لایەن کرێکارانەوە, پێك ئەهێنرێت), لە سەرجەم وڵاتان, دامەزراوە, وەلێ پێکهێنانی ئەم سنوقانە لە ڕوسیا بە تایبەت, کارێکی سەختە, چونکە لێرە پۆلیس, تاقیبیان ئەکات, دەست بەسەر داراییەکەیاندا ئەگرێت و ئەو کرێکارانەیش کە خەریکی ئەو کارەن, دەسگیر ئەکات. هەڵبەتە کرێکاران ئەتوانن لە پۆلیسی بشارنەوە, بێگومان ئەم جۆرە سنوقانە, بایەخیان زۆرە, ئێمە گەرەکمان نییە ئامۆژگاری کرێکاران بکەین کە ئەو سنوقانە پێك نەهێنن. بەڵام ئەبێ, پێمان وا نەبێ کە, سنوقەکانی مانگرتن, تا ئەو دەمەی ئاوەها لە باری یاساییەوە یاساغە, بتوانێت ژمارەیەکی زۆری هاوکاران, لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە, تا ئەو دەمەی, ژمارەی هاوکارانیشی ئاوەها کەم بێت, سوودێکی ئەوتۆی نابێت. سەرباری ئەوانە, پێویستە کرێکاران, تەنانەت لەو وڵاتانەی کە سەندیکای کرێکاریی ئاشکرای تێدایە و بڕێکی باشی داراییان لەژێر دەستدایە:

یەکەم, تێکۆشانی خۆیان تەنها لە چوارچێوەی مانگرتندا نەهێڵنەوە. ئێستا لە ڕوسیادا, هەر ئەوەندەی ئەوێ کە هەژانێك لە پیشەسازیدا ڕوو بدات (قەیرانێك لەو چەشنەی کە خەریکە لە ڕوسیادا, بێتە کایەوە), ئەو کاتە خودی خاوەن کارخانەکان خۆیان, گەرەکیانە مانگرتنەکان بخولقێنن, چونکە ڕاوەستانی کار بۆ ماوەیەك, لە بەرژەوەندی ئەواندایە, تاوەکوو دارایی سنوقەکانی مانگرتن داتەکێنن. هەربۆیە کرێکاران, لە هەر بار و دۆخێکدا بێت, ناتوانن خۆیان لە چوارچێوەی مانگرتنەکان و سنوقی مانگرتندا قەتیس بکەن.

دووەم، مانگرتنەکان تەنها ئەو دەمە ئەشێن بە سەرکەوتن بگەن، کاتێك کە، کرێکاران خاوەن ئاستێکی پێویست، لە وشیاری چینایەتی بن، تاوەکوو بکارن، ساتی گونجاو، بۆ دەسپێکی مانگرتنەکان هەڵبژێرن، بزانن بە چ جۆرێك داواکانیان ئەخەنە ڕوو. هەروەها کاتێك کە، کرێکاران پەیوەندیی توندوتۆڵیان لەگەڵ سۆسیالیستەکاندا هەبێت و بتوانن لە ڕێگەی ئەوانەوە، چاپەمەنی و بڵاوکراوەی شۆڕشگێڕانەیان چنگ بکەوێ. ئێستا ژمارەی کرێکارانێکی لەو جۆرە لە ڕوسیادا ئێجگار کەمە، پێویستە هەموو هەوڵێك بخرێتە گەڕ، بۆ زیادکردنی ئەوانە، تاوەکوو جەماوەری کرێکار، بە پرسی چینی کرێکار ئاشنا بێت و جەماوەری کرێکار بە سۆسیالیزم و سەرەتاکانی خەباتی چینی کرێکار بناسێنرێت. ئەمە ئەرکێکە، پێویستە سۆسیالیستەکان و کرێکارانی وشیار پێکەوە، لە ڕێگەی پێکهێنانی پارتی سۆسیالیستیی چینی کرێکارەوە، ئەنجامی بدەن.

سێیەم، هەروەکوو بینیمان مانگرتن، کرێکارانی سەرجەم وڵاتان فێر ئەکات کە، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کرێکاران و مافەکانی خەڵك بە گشتی، لە دژی حکومەتەکەیان خەبات بکەن. هەروەکوو باسمان کرد، ئەوە تەنها حیزبی سۆسیالیستیی چینی کرێکارە کە، دەتوانێت ئەم خەباتە، بە بڵاوکردنەوەی چەمکی دەوڵەت و ئامانجی چینی کرێکار بە دروستی، ئەنجام بدات. لە فرسەتێکی دیکەدا بە تایەکاریی، دەچینە سەر شرۆڤەکردنی ئەوەی کە، مانگرتنەکان بە چ جۆرێك، ڕابەری بکرێن و کرێکارانی وشیار، بە چ شێوەیەك کەڵکیان لێ وەرگرێت. بەڵام لێرەدا پێویستە تەنها، ئاماژە بەوە بکەین کە، مانگرتن، هەروەکوو پێشتر وتمان، "قوتابخانەی جەنگە"، نەك خودی جەنگەکە، واتە، مانگرتن تەنها، یەك هۆیەکی تێکۆشانە و لایەنێکە لە لایەنەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکار. کرێکاران پێویستە، مانگرتنە پەرش و بڵاوەکان تێپەڕێنن_ هەروەکوو ئێستا لە تێکڕای وڵاتاندا، بە عەمەلی وا دەکەن_ و بە خەباتێکەوە پەیوەست بن کە، تێکڕای چینی کرێکار لە پێناوی ڕزگاریی تەواوی زەحمەتکێشان ئەنجامی ئەدەن.

کاتێك کرێکاران بە سۆسیالیزم وشیار ئەبنەوە، یانی، ئەو کاتەی کە، لە پێناوی ئەم ئازادییەدا خەبات ئەکەن، یانی، لە سەرانسەری وڵاتدا، بۆ بڵاوکردنەوەی پرانسیپەکانی سۆسیالیزم لە نێو کرێکاران و فێربوونی گشت شێوازەکانی خەبات، لە دژی دوژمنەکانیان یەك ئەگرن، کاتێك کە، پارتێکی سۆسیالیستیی کرێکاریی بنیات ئەنێن کە، (ئەو پارتە/ و. کوردی) لە پێناوی ڕزگاری تێکڕای خەڵك لە ژێر جەوری دەوڵەت و ڕزگاری تێکڕای کرێکاران لە ژێر جەوری سەرمایە، خەبات ئەکات_ تەنها ئەو دەمە، چینی کرێکار، ئەبێتە بەشێکی سەرەکی لەو بزووتنەوە مەزنە کرێکارییەی سەرجەم وڵاتان، کە سەرجەم کرێکاران یەکگرتوو ئەکات و ئەو ئاڵا سوورە بەرز ئەکاتەوە کە، ئەم وشانەی لەسەر هەڵکەنراوە:

**"کرێکارانی جیهان یەکگرن!"**

*

ئەم وتارە لە کۆتایی ساڵی 1899دا نووسراوە.

بۆ یەکەم جار، لە ساڵی 1924 لە ژمارە (8، 9)ی گۆڤاری "پرۆلیتارسکایە ڕێڤۆلیوتسییا" (Proletarskaya Revolyutsiya) بڵاو کراوەتەوە.

## سەرچاوە:

_ حول الاضرابات, لينين

www.marxists.org/arabic/archive/lenin/1899/strikes.htm

_ درباره اعتصاب, لنین

www.marxists.org/farsi/archive/lenin/works/1899/etesab.pdf

*

وەرگێڕانی:

## سالار رەشید

04/ 07/ 2005



# کرێکارانی جیهان یەکگرن!